
# میژووی ئاینی زەردەشت

نوسینی: عەبدوڵلاّ موبلغی ئابادانی



21894

وەرگێرانی وریا قانیع

چاپی دووەم

Preview sample - page 1 of 5 - Soran University Academic Digital Library

- **کتێب:** مێژوی ئایینی زەردەشت
- **نوسەر:** عەبدوڵلا موبلغ ئابادانی
- **وەرگێڕ:** وریا قانیع
- **بابەت:** لێکۆڵینەوەی مێژوویی
- **چاپی یەکەم:** دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم (١٨٩١)
- **چاپی دووەم:** خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی قانع (٥)
- **نەخشەسازی:** ئازاد حاجی
- **سەرپەرشتیاری چاپ:** ئەرکان ئیبراهیم
- **ژمارەی سپاردن :** ژمارە (٤١٢)ی ساڵی (٢٠٠٣) ی پێدراوە
- **نرخی:** سێ هەزار دینار

Preview sample - page 2 of 5 - Soran University Academic Digital Library

## وتەیەکی کورت

هیچ کومانێکی تێدانییە کە ئایینی زەردەشت ئایینێکی یەزدانییە و وەکو هەموو ئایینەکانی دیکە لە لایەن یەزدانەوە هەڵوەشاوەتەوە. زەردەشت کە پێغەمبەرو ڕابەری ئەم ئایینە بوو، گەلێك بیری وردوو سوودمەندی بۆ ڕۆژگارو سەردەمەکەی خۆی هێنایە کایەوە. زەردەشتی زانا و بە تواناو بلیمەت لەو سەردەمە تاریکەدا وەکو تیشکی خۆر جیهانی ناوچەکەی خۆی ڕووناك کردەوە، دانیشتوانی لە درۆکردن و باوەڕ بە جادووگەری و فاڵچییەتی دوورخستەوە. یەکێك لە نیشانەکانی پێغەمبەری زەردەشت ئەوەیە ئەو پێغەمبەرانەی کە لە دوای زەردشتەوە بۆ سەر مرۆڤ ڕەوانە کراون، زۆربەی بیروبۆچونەکانی زەردەشتیان ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ دووپات کرووەتەوە. بۆ نموونە لە ئایینی زەردەشت دا نوێژ هەیەو لە ئایینەکانی دیکەشدا هەیە. لە ئایینی زەردەشتدا ئەهرمیەن هەیەو لە ئاینەکەکانی دیکەشدا شەیتان هەیە. لە ئایینی زەردەشتدا بەهەشت و دۆزەخ و بەرزەخ هەیە، لەئایینەکانی دیکەشدا بەهەشتو جەهەنەم و ئەعراف هەیە. لە ئایینی زەردەشتدا زیندووبوونەوە و ڕۆژی حساب هەیە، لە ئایینەکانی دیکەشدا هەن. لە ئایینی زەردشەتدا پردی (چنوات) هەیە، لە ئایینی ئیسلامی پیرۆزبشدا پردی سیرات هەیە. ئەمانە هەمووبان ئەوە نیشان دەدەن کە زەردەشت پێغەمبەرێکی ڕاست و دروست بووە. بە هاتنی قورئانی پیرۆز وەك ئاینەکانی یەهوود و مەسیح هەڵ وەشایەوە، بەڵام جێگەی داخە کە موغ و موریدەکانی ئایینی زەردەشت ئاینەکەی زەردەشتیان شێواند و دەقەکانی ئاوێستایان بارەو مەرام و خواستی پاشاکان لێکدەدایەوە.

هەندێك شتی دیکەش کە وەك نەریتێك لە ئاینە کۆنەکانی ئێران و لەناو جادووگەرەکاندا مابووەوە و باویان هەبوو لە دوای مردنی زەردەشت هەمووبان هێناو تێکەڵاوی ئاینیی زەردەشتیان کرد، وەکو خۆ شۆردن بە میزی گا(!)..

Preview sample - page 3 of 5 - Soran University Academic Digital Library

باوەڕ ناکەم مرۆڤێک بگاتە پلەی پێغەمبەرایەتی و ڕابەرایەتی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە ئەستۆ بگرێت شتی وا باس بکات و میزی گا بە پاک دابنێت. هەرچەندە وا باوە گوایە گا لە ئاینی زەردەشتا پیرۆزە، بە پێچەوانەوە گا لە ئاینی (بودا)دا پیرۆزە و لە بەرامبەر ئەمەدا لە ئاینی زەردەشتدا کارێز و جۆگەو زەوی پیرۆزن.

زەردەشت لە سەردەمی ژیانیدا نەفرەتی لە شەرابی (هوم) و گیای هوم کردووە، گەچی موغەکان لە دووای زەردەشت هێنایانەوە ناو ئاینەکەیان و دەیانپەرست و بەشێکیان لە ئاوێستای سەردەمی ساسانیەکاندا بۆ تەرخانکرد.

لە دووای مردنی زەردەشت موبدایەتی و موغایەتی وەکو پاشایەتی بوو بە (بۆماوە= وبراسی) لەم ڕووەوە لە ئەنجامدا گەلێک موغی نەزان و نەخوێندەوار لەناو ڕیزەکانی ئاینی زەردەشتدا پەیدا بوون و بوون بە ڕابەر.

کرداری جادووگەری و سیحربازی کە لەناو دینە کۆنەکاندا باویان هەبوو، وەکو نەریتێک لەناو کۆمەڵگادا دەم بە دەم و سینە بە سینە هاتبووە خوارەوە، موغە نەخوێندەوارەکان و نەزانەکان تێکەڵاوی ئاینیی زەردەشتیان کردن، خۆشۆرین بە میزی گا یەکێکە لەو کرداره هیچ و پوچانە.

بەڵای منەوە هەرچەندە ئاینیی زەردەشت لە لایەنی یەزدانەوە هەڵوەشاوەتەوە و لەمرۆکەدا کاری پێناکرێت، بەڵام لە کاتی خۆیدا ئاینێکی ڕاست و دروستی یەزدانی بووە، ڕابەرایەتی کۆمەڵگای سەردەمەکەی خۆی کردووە بەرەو چاکەو ڕاستی و دۆستایەتی و دورکەوتنەوە لە کرداری ناشیرین و درۆ و تاوان و مالوێرانی، ئەم کردارانەش دروشمی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی ئەم سەردەمەیە کە سێ هەزار ساڵێ بەسەردا تێپەڕیوە. ئێمەش لێرەدا هەزاران سڵاو و ڕێزمان بۆ ئەو کەسانە کە لەم ڕۆژگارەدا (وتەی چاک و کرداری چاک و ئەندێشەی چاک) دەکەنە هەوێنی ژیانی ڕۆژانەیان.

وریا قانیع

Preview sample - page 4 of 5 - Soran University Academic Digital Library

ئەی خواوەندا(!) سەرچاوەی باشترین و بەرزترین ژیانی پاك كامەیە؟
چ كەسێك دروستكەری سەرچاوەی راستی بوو؟ چ كەسێك رێبازی ئەستێرەكان و خۆری دەست نیشان كردوە و مانگی یەك شەوە دەكات بە مانگی پڕ و مانگی پڕیش دەكات بە یەك شەوە؟ داوای سەربردەی نیشانەكان و نهێنیەكانی سروشت لە تۆ دەكەم.
كێیە لە خوارەوە چاودێری زەوی و لە سەرەوەش چاودێری ئاسمان دەكات؟
كێیە دروستكەری ئاو وگیا؟
كێیە ئەو كەسەی بزاڤ بە باو بە هەوری تاریك و بارانی زۆڵاڵ دەبەخشێت؟
دروستكەر و ئیلهام بەخشی سروشتی پاك كێیە؟ كام رێكخەری گەورە، تاریكی و رۆشنایی و خەو و بێداری دروستكردوە، شەو و رۆژی هێناوەتە كایەوە، كە هۆشیاركەرەوەی مەردی زانایە. ئایا راستە ئیمان و ئەوینی یەزدانی لەناو تیشكی كرداری چاكە و راستی و دروستیدا گەشە دەكات؟ ئایا ئەو جیهانە بەرهەمدارەت دروستكردوە كە شادی و فراوانی بە ئێمە ببەخشێت؟...

Preview sample - page 5 of 5 - Soran University Academic Digital Library